# قاثشؤرةكان

قاپشتن نەنگ نییە
لەگەڵ بونی کەسانی
ڕاسب و
ئیکمال و
داوەشاو لە سیاسەتدا، نەنگە،
پاشڵی وان شتن، بۆ وان نوسین، هەڵەیە، ناپاکییە، نەنگە.
ئێوەی چیرۆکە ڕەش و زەقەکانی
سەرگەردان کردن، کورد بنبڕکردن، ڕەش کوشتن، براکوژی، بێ سەروشوێن کردن، کورد بێ نرخ کردن، کورد سوک کردن، مناڵ بێ باوک کردن، بێوەژن زۆرکردن، پێش دوژمن کەوتن، دوژمن بانگهێشت کردن، هەر ڕۆژەی لەسەر پەتێک یاری کردن، و.. ..
ئێوەی چیرۆکی
کەر و شایەتمان،
کە هۆی گیرسانەوەمانن،
دور لە زێد و هەوارمان،
نەنگی لە چارە و ئەستۆی ئێوەدایە،
نەک لە شان و بازومان
قاپشتنیش کارە
ئاخرکار شەرەفە، پیرۆزە
گەندەڵی نەنگە
وازی بە چارەنوسی گەل، نەنگە
بردنی دۆسیە تاریکەکان بەرو تاریکای، گوناهە. نەنگە
نزیک بوون لە مستەشار و کۆنە ناپیاوەکانی
کابرای ئاشنای کونەکەتان، نەنگە.
دانانی باریەر لە پێش
ڕێفۆرم و
قارس بوونتان بە گۆڕانی ڕادیکال، نەنگییە.
لە تابوت کردنی گەندەڵی، سستی، لێ نەهاتوی، خۆسەپاندووەکان و ئیمتیازپێدراوەکان،
نەنگ نییە،
ڕەوایە، پێویستە.
لە تابوت کردنی دەنگەکان،
یاداشتەکان، ستەمدیدەکان و ڕێفۆرمەکان،
نەوێرانەیە
نەنگە.
فەرامۆشکردن و ڕێگەنەدان بە شارەزایانی

کورد لە هەندەران،
بۆ ڕێفۆرم بۆ پرۆگرام، نەنگە
ناردنی "خوێندەوار و پزیشک"ی کوردستان بۆ کۆڕ و سەردان
بۆ ئەوروپا بۆ هەر شوێنێکی تر،
کارێکی بەسودە، دڵخۆشکەرە
خاوەنی بەرزترین دیپلۆم بیت لە یەکێ لە بوارە ئاڵۆزەکانی خوێندندا و
سەردان و وێنە،
لەگەڵ تەرحە کەسی وەک Jörg Haiders دا بگریت، نایڤی یە، نەنگە
ئاخر هیچ قاپشۆرێ لە ئەوروپا پێڵاوەکانی
بە فەرشی وی پۆخڵ ناکات،
نەک لەبەر ئەوەی کە Jörg Haiders بلیمەتە لە ڕاسیزمدا،
ئەو دۆست و هاوڕیەکی بە ئەمەکی سەگدامیشە،
لەکاتێکدا سەردانی باخی دادی دەکرد و
لە خەمی سەرەونگونی بەعسی تۆپاو و ڕژێمەکەیدا بوو، کە
سەگدام سەرگەرمی ناردنی ئاردی یوئێنی بە TNT ڕازاوە بوو بۆمان، ئەوە موسیبەتە
ئەوە نایڤییە، ئەوە نەنگییە
قاپشتن نەنگ نییە
نوێکردنەوە و سەر و سمێڵ ڕەشکردنەوە کۆمپڵێت، پێویست نییە، کات کوژییە.
نوێکردنەوەی، گەر سەخت و دڕەنگ نەبێت بۆتان، مێشک، ویژدان، پێویستە
پێت بڵێن:
(گەمژە، گەر لە خۆبای بوون و لوت و بەرزی نەنوێنیێ، وادەزانێت گەمژەیەکی تەواو نییە) ،
ئەمە نەنگییە
پڕاکتیزە نەکردنی دیمۆکراسیەتی بێگەرد، نەنگە
پڕاکتیزە کردنی دیمۆکراسییەتی فاڵس، نەنگە
فەرامۆش کردنی ڕاپرسی لە سەر چارەنوسی نەتەوەیەک، گوناهێکی تری مێژوییە، نەنگە و
نابلیمەتی، شکەستی و نەشارەزاییە لە سیاسەتدا، نەنگییە
پێت بگوترێت: ئەوەی بۆ ڕاوکەر هەڵدەکەوێت بۆ.. .. .. . هەڵناکەوێت، ئەوە نەنگە
پێت بگوترێت: نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ.. .. ، ئامانە نەنگن.
هەڵبژاردنی پیشەی قاپشتن سەختە، بەڵام نەنگ نییە
فشار بۆ بردن تا پشت لە زێد و کەس و کارت بکەی، گوناهە، نەنگە
فشارەکەی سەدام بۆ ڕەوی کورد بۆ چیا بەرز و بەفراوی و دورەکان،
لە نێو مین، قوڕ و برسییەتی،
بۆ هەندەران لە نێو دەریا و بەلەمی کونکوناوی،
بەربەری بوو
خاوەنی سەر و بنی بابەگوڕگوڕ بیت و لە بەرەو ئوروپا بوندا،
لە "سایەی حەکیمی" ئێوەوە
ببیتە هاو کاروانی مرۆڤێکی بەنگلادیشی،

کە خاکەکیان تەنها بە گێژەڵوکە و لافاو زەنگینە، ئەوە نەنگییە
فشارەکەی ئێوە، ئێوەی خۆ بە خوای کوردزانەکان،
بۆ دەربەدەریمان،
بەربەری تربوو،
گوناهتر بوو. نەنگ تر بوو.
قاپشتن نەنگ نییە
مانەوە لە ژێر ئالاّی بەعسی تۆپیوو، نەنگە
قاپشتن، نەنگ نییە، کارکردن نەنگ نیە، بەڵام ئاسانیش نییە.
سەوزی و بریسکەی پاش و پێشی ڤیلاکانتان و
کاکی رەنگی خانوە قورکانی هەژاران و داڵدەدەرانی
پێشمەرگە لە ڕۆژانی مان و نەماندا، نەنگە
بونی خانوی قوڕ لە لادێکانی کوردستانی زەنگیندا شەرمە، نەنگە
ڕەشی بەرگی زۆری "ژنانی/ئافرەتانی" کورد،
کە هۆکانی ئێوەن، نەنگە.
قاپشتن نەنگ نییە
لە توانا نەبونی گەڕانەوە و دەرهێنانی شارو ئەو ناوچانەی کە لەدەمی
شێرە کارتۆنییەکە دابوو و وا کەوتووە دەمی گورگی گەڕەوە،
ڕاسبی و ئیکمالیە لە سیاسەتدا، ئەوە نەنگییە
ناوبردنی بێگانەکانی کەرکوک بە ئەرەبی ڕسەن،
لەبری ئارەبی نیشتەجێکردو لە لایەن ئینگلیزەوە، هەڵەیە، نەنگیە
ئاخر ئەرەب کە ڕەسەن بووە لە ناوچکە و ئێستای ئێراق تا لە کەرکوک ڕەسەن بێت!
بروانە شوێنی لە دایک بونی ئەلی کوڕی ئەبیتالیب و شوێنی ناشتنی.
گەر لێت ببرسرێت کەی تورکمان تەشەریفی هێناوە بۆ کەرک،
نەزانیت تەنها بە دوو ووشە وەڵام بدەیتەوە، نەنگییە.
دەتوانیت خاوەنداری شەقامێ، کۆلانێکی کەرکوک ببیت و
بە ئەرەبی یان بە تورکی نێوزەدی کەی،
بەڵام هەرگیز نابیتە خاوەنداریەتی مێژووی، بە هەموو ئەو ئیمتیازانەشەوە کە
لە لایەن خەلیفەکانەوە یان سوڵتانەکانەوە پێت دراوە
ئاخر بابەگوڕگوڕ، دێرینە، ئاگرە، زەردەشتە، ئاینە، پیرۆزە کولتورمانە
خۆ گێل کردنت، نکۆڵی و تێ نەگەیشتنت لەم ڕاستییە، گەمژەییە، نەنگییە.
قاپشتن نەنگ نییە
خۆخەریک کردن بە تەزبیح، لە گەڵ سیستانییەکان ئاساییە، چونکە کولتوریانە
گەمە کردن بە تەزبیح لە پێش چاوی بەرپرسیار و دیپلۆماتە ئەوروپیەکان، نەنگە
ئاخر ئەوروپی، تەزبیحی، بە شەقشەقەی منداڵ دێتە پێش چاو، خەندەیان پێ دێت
بۆیە بۆ بەرپرسییارێک، بەکارهێنانی گونجاو نییە.
لنگ کردنەوە لە پێش ژن/ئافرەتی بەرپرسیاری ئەوروپی، لایان بێ چاوەڕوییە
دەست بردن و دەست گەیشتن پێیان، لایەن، قێزەوەیە

هەڵسوکەوتی وا، نەنگییە
ڕۆیشتن بۆ بەرازیل بێ بایەخە، سیمبۆڵییە، کات کوژییە
سەردانی حەمرین و خانەوادە گەڕاوەکان، پێویستە، چارە و چارەسازییە.
قاپشتن نەنگ نییە
ئەوەی بەعسی تۆپاو بە کوردی کرد، چین بە تیبێتییەکانی کرد و دەکا
لە نەنگی ئەو سیستمە، برۆن لە دەلەیلامە و تایوان و ئەنتی کۆمۆنیستەکان بپرسن،
ئەوان هیچیان لە باردا نییە بۆ کورد، با ئەندامی هەمیشەی یوئێنیشبن،
دڵی ئەرەبان لە خۆیان زویر ناکەن بۆ کۆنتراکتەکانتان،
کە بە چەپ و ڕاستدا، کوێرانە، دەی بەخشن پێیان، بە بێ بەرامبەر بە بێ مەرج،
بۆ چین، پێویست بە پشی پشی ناکات، هێندە برسین، وڵاتەکەیان کردۆتە تالانیی
هێزی کار،
کێ دۆلار و ئێورۆی بۆ بەرزبکاتەوە، پارتەنێری بازرگانییانە، دۆستیانە
زۆربەی بەرهەمەکانی، گیراوە سیاسییەکان بەرهەمی دەهێنن لە زیندانەکاندا،
لە ژێر هەل و مەرجی نامرۆڤانەدا.
ئەگەر نازانیت، ئەوە نەنگیە
نەنگترە گەر بیزانیت و خۆتی لێ گێل بکەیت.
ئاژەڵەکانی سەر سنوری تورکیای ئاشناتان،
کە لە پێستی مرۆڤدا خۆیان نیشاندەدەن و
ژمارەی ئەستێرەکانییان، لە (جۆرایەتی مرۆڤایەتیاندا) ، لە کۆی **5** ئەستێرەکە،
لنگەوقوچ، ئەوروپیەکان، بە ماینوس **5** ئەستێرە هەڵیاندەسەنگێنن. کەچی
بە بینینی نوسراوێکی کوردی، دوچاری دەرد و ئێستێریک دێن،
ڕاشکاوانە پێت دەڵێت:
ئەم نوسینە، پەڕەکوردیە و کوردستانە چیە**!**
دوێنێ ئافرەتێکی کوردمان لابوو. ئەوە نەنگییە
بۆیە، دانی ئەو هەموو کۆنتراکتانە، بێ سەروبەر بێ مەرج و بێ بەرامبەر، بەو قارداشانەتان،
گوناهە، لێبوردنی ئاسان نییە، نایڤییە، بەفیرۆچونی یەکێکە لە هێزەکانمان،
لە چەکەکانمان، ئەوە ئازاردەرە، نەنگییە.
قاپشتن نەنگ نییە
هەڵبژاردنی گوزەر لە هەندەران، ئاڵۆزە، سەختە، بەڵام نەنگ نییە.
هەندێ جار ئۆبلیگاتۆرییە، چونکە گیان ئازیزە
ئاخر سەربەستی و ژیان تەواکەری یەکن.
نیشانی بدەی کە دیمۆکراسیت و پیشکەوتنت بەرقەرارکردووە،
کەچی بەڕفتار وەک سەرانی کەنداوییەکانبیت، ئەوە نەنگە
ناردنی کوڕ و کەس و کار لە سەر ئەژماری گەل بۆ هەندەران، نەنگییە
بێتە سەر CNNو لە بەردەم جیهاندا بڵێیت نوێنەری گروپێکی سەرەکی کوردم و
بەڵام چیبکەین،
هەروا دەبێت، خوا هەر ئەوەی داوە، کوڕی سەرۆکم،

ئەم خووە شەرماوییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاساییە و باوە "نەنگی نییە"!
لای ئێمە سیستمەکەمان بەستەنی ڕەنگاوڕەنگە،
مەلەکیە، کۆمارییە، پەرلەمانیە، دیکتاتۆریە، خێڵەکییە
دەسەڵات لە بابەوە بۆ کوڕە، بە هەڵبژاردنە، بە زەبرە بەڵام هەرچۆنێکی بێت،
لای ئێمە، هەر مۆنۆپۆڵ ئەلتەرناتیڤی شیاوە، دیکتاتۆرییەت باڵادەستە،
دروستە، هەرچەندە "نەنگە!".
قاپشتن نەنگ نییە
هاوبەشیکردن لە کۆنفرانسە سۆشیالدیمۆکراتەکاندا، لەسەراسەری جیهاندا و
خۆ بە سۆشیالدیمۆکرات نێوزەد کردن، ئاساییە،
بەڵام پاش گەڕانەوە و دەهۆڵ لێدانی "سەفەرە دیپلۆماسییە سەرکەوتووەکان"! و
لە خۆ کۆ کردنەوەی خێڵ و هۆزەکان و
"پیاو معقول+لان/ماقولان" (ئەوانەی کە شکم لە زانینی و نەزانینی نوسینی ناوی خودی خۆیانە)
،
قوڵکردنەوە و سمارتەکردنی بیرۆکەی عەشیرەتگەری و
بە ئەفریکی (مەبەست لە لایەنە خێڵەکیەکەیەتی) کردنی کۆمەڵگەی کوردەواری
لە میلێنی سێهەم دا نەنگە.
قاپشتن نەنگ نییە
سڕکردنی پەرلەمان، نەنگە
پەرلەمان سیمبۆڵی شارستانیە، خواست و دەنگی گەلی تێدا دەردەبڕێت
داهێنەرە، بە ئا و نا دەپەیڤێ،
چالاک بێت، کێشی خۆی هەبێت، بە توانا و بڕیاری کاریگەر بێت، باڵادەست بێت
فالس نەبێت، دیکۆر نەبێت، چونکە شەرمە، نەنگە
گەر ڕەسەن نەبێت، ئاواڵە بێت یان داخراو، وەک دوو پارچە پەڕۆی سەوز و زەرد بێتە پێش
چاو،
هەر بە بێ سود دەمێنێتەوە و لەجێی نەبووان دەژمێررێت، دیارە ئەوەش نەنگییە.
گلۆبالیزێرین ڕوو لە کوردستانە و بەڕێوەیە
هەرچەندە لە بەعسیزێرین ڕزگاربووین،
بەڵام کورد وا موفتەلای پارتیزێرین،
یەکێتیزێرین و
ئیسلامیزێرینە، ئەمە ڕوخێنەرە، نەنگە
کوردیزێرین بەکەڵکە، دروستە، ئایدیالە
لە هەموویان گۆبەنداویتر، نەنگتر ئێراقیزێرینە
بۆیە مانەوە تێیدا، بێسودە، ئەبسوردە، نەنگە
قاپشتن نەنگ نییە
یەکە یەکە قاپەکانی دایکیشم دەشۆم
چونکە مایەی سازدانی چرکە ئاسودەییەکانمە، کە کاتێ یاریدەی دەدەم
بۆیە قاپشتن نەنگ نییە.

ئاخر تەواوی تەمەنی بە قاپەکانی منەوە خەریک بووە، لام نەنگ نییە
شۆردن نەنگ نییە، پاکی ئەنجامیەتی.
حاکم بیت و بەعسی بەد بەخت ئاسا، میچی خانو بەسەر کورد دا بڕوخێنی و
لە بری بەکارهێنان و پەنا بردن بۆ یاسا و سزای گونجاو،
بڵدۆزەر بەکار بهێنیت،
ستەمە، نەنگە
شارەوانی بکەیت بە مەکینەی پارەپەیداکردنی حیزب و
یاسا و سیستمی (ئەتفا) ی زەوی و زاری سەگدام پەیڕەوی و پیادە بکەیت و
بەو بنەمایە چ ناوچە و زەوی خەڵک، ئارەزوت لێی بێت، داگیری بکەیت و هەڵی لوشی، ئەوە شەرمە،
ئەوە نەنگە
مافییا ئاسا، وەک حاکمەکانی سیسیلیە،
لە بری تاوانبار، گیانی براکانی تاوانبار دەربکێشیت، قێزەوەیە، گوناهە، نەنگە.
قاپشتن نەنگ نییە
ڕێگرتن لە هەڵسان بە پرۆتێست کردن، چەوتە، دژوارە، نەنگە
ڕەق کردنەوەی خوێندکاران، نەنگە
ڵێپرسراو بیت، خاوەنی ژن وماڵبیت و
چاو لە دووی خوێندنگاکانی کچان بیت، قێزەوەیە، شەرمە، دابەزینە، نەنگە
واز لە کورسی نەهێنان نەنگە
بڵێیت بە خوداشی نادەم، با دەبەنگیشبم، ئەوە نەنگییە
کار نەنگ نییە
عەنتەری و خۆ بە عەنتەرزانین. نەنگە
بونی سایدەکان بەسودە،
ڕاێنمای بیری نوێن و بایەخدارن، بەسودن
لەسەر گەندەڵی نوسین و نیشاندانی دەلاقەکانی
کەسانی گەندەڵ، سیستمی گەندەڵ
پیرۆزە، بوێرانەیە، دڵسۆزییە.
لە هاتنی ئەم تەرحە کەسە گەندەڵانە بۆ ئەوروپا،
لەبری دانوستاندن و چاوپێکەوتن لە گەڵیان، دەعوایان لەسەر تۆماربکرێت
دروستە، نەنگ نییە
ئاخر بێجگەلە پێ شێلکردنی ماف و زلی دەلاقەی گەندەڵیەکانیان،
کەمنین ئەو پەنابەرە کوردانەی کە دۆسییەی پەنابەرییەکانیان
ناوی دزێوی ئەو زاتە گەندەڵانە لە خۆدەگرن. ئەوە نەنگە.
ئەرێ، ئەوە نەنگە کە هۆ و پاساوی کورد بۆ پەنابەری،
کوردێکی دەست ڕۆیشتوی یەکێ لەو سیستمە سەقتانەی باشوری کوردستانبن
قاپشتن نەنگ نییە
بۆ بژێوی ژیان پارە پەیداکردن باوە، ئاساییە،

وەرگرتنی $ 50 لە قاپشۆران،
بۆ ڤیزا و
بۆ بە دیداری کەسوکار و بە هەوار شادبونەوە، نەنگ بوو.
نوسینی وەسڵی $ 50 کە بە ئەرەبی، شەرماوی تر بوو، نەنگتربوو، ئازاردارتربوو
قاپشتن نەنگ نییە
ئارەزوخواز و چاوەڕێی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم بیت،
لە زاخۆوە تا خواروی خانەقین، بە سیما و پۆشاکی کوردی ناوچەیەکەوە. هۆزێکەوە،
بێ ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان، مشکییەکی هەورامان و هەڵەبجە یان، تەنانەت
بەکارهێنانی جامانە و شێوەبەستنی بەشی خواروی کوردستانی باشور،
پەیرەو بکەیت.
ئاخر زۆرن لەو ناوچانە کە خاوەن سۆز و ڕێزن بۆت،
هەست نەکردن و ڕەچاونەکردنی ئەم ئەدگارە و ڕێز پێ نیشان نەدان لەم بوارەدا
چەوتە، نەنگییە
ئاخر جامانەی سور لە کۆلکە و کوێرە دوکانەکانی یەمەن و سۆماڵ،
دشداشە لە بەرێکی گوپ پڕکردوو لە (قەت) ، دروستی دەکات.
بۆیە پۆشاکی خۆماڵی و نەتەوەی شایستەی پیشاندانە،
هەر چەندە، هەر کەسێک، هەر ناوچەیەک یان دێیەک
ئازادە لە هەڵبژاردنی شێوەی پۆشاکی،
بەڵام ڕەچاونەکردنی کولتوری گشتی کوردی،
وەک سەرۆکی سەرتاسەری هەرێم و
خۆ بەستنەوە بە کولتوری ناوچەگەری، ستەمە، نەنگە
بەکارهێنانی پۆشاکی نەتەوەیمان وەک بەدلەی کارکردن، گوناهە. نەنگە
سوکایەتی پێکردنیەتی، سزادان دەهێنێت و پێویستە.
پۆشاکی نەتەوەی بەکەرەسە و دەستی خۆ و خۆماڵی ئەنجام دەدرێت
بۆیە ئیمپۆرتی کەرەسە بۆ جل و بەرگی نەتەوەی، چەوتە و
لە ڕەسەنی و بەها کولتوریەکانی کەم دەکاتەوە.
حەسودییەکی دروست کەرانە بە برایانی هەورامان دەبەم،
چونکە لەم بوارەدا، واتە کولتوری، پەرژین پتەون، دەشێت چاویان لێ بکرێت
ئاخر ئەوان لە پێوە تا پۆشینی سەر متمانەیان بە دەست و بازوی خۆیانە
لێ هاتون، ڕەسەنن.

تێکەڵاو بوون، نزیکردنەوە و هاندان مەرجە،
چ لە بواری پۆشاک، چ لە باری زمان و دیالێکت،
پێچەوانە و هەڵنەستاندن پێی، ڕوخێنەرە، نەنگە.
سپاردنی هێمنی شار، بە گورگ، بە سپڵە، داخە، نەنگە
نەنگە، .. . نەنگ
سەرباری ڕژانی ئەو هەموو دراوە ئێستا لە کوردستانی باشور،

کەچی زۆر لە کەسانی گەلە ستەمدیدەکەمان،
لە سایەی ئەو "قیادە حەکیمە" خۆسەپێنەرانەوە!
تائێستاش چاو لە دەست و کۆمەکی
قاپشۆرەکانن،
ئاخر گەر ئاشتان نەگەڕێت و خوای کوێت گرتن و
فرۆکەکانی 11 سێپتێمبەر نەبا و
رووتان لە هەندەران بکردابایە یان لە هەندەران بمانایەنەتەوە،
بێگومان، بێ کاسە و سامانی گەلە بێ بەختەکەمان،
دڵنیابن، بەراز سرینیشتان چنگ نەدەکەوت و ناکەوێت
ئاخر لە ئەوروپا پێشبڕکێیە، بە پێی تونا و لێهاتوی،
تەزکیە و سیستمی کوڕی خوای، نای خوات، چونکە نەنگە، نەنگ.
گەیشتنی 30 لاوی ڕانیە، لە ئایاری 2005 دا بۆ ئەوروپا،
خودا، دەزانێت چەندی تر بە ڕێوەیە، بۆ ژیان، بۆ مردن،
ڕەنگە بۆ قاپشۆردن، بۆ هیوا و
بە ئومێدی ڕۆژێکی ئاسودە
لە سیستمێکی ئاسودە دا و
پشت کردنیان لە زێد، لە سیستمە ئەنانیەکان و ڕەفتارە ناپەسەندەکان،
شکۆ و شای و شادومانیەکەی بۆ
سەرۆکە مونافیسەکەی یاوەری عاشق،
عاشق بە زەقنەبوتە شومەکە و بە ئێراقی زەقنەبوت، ئەخاتە
دۆسییەی نەنگینییەوە
نەنگە کە وشەی نەنگ لە فەرهەنگ تاندا بونی نییە
ماڵپەڕەکان، دەنگی بەرزی ئێمەی قاپشۆری کوردستان و هەندەرانن.
وا 13ساڵە لە ڕەتداندان سیاسەتدا لە باشوری کوردسان،
وێدەچێت کە ڕوناکی ئازادی، ڕوی خۆشی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش بکات،
نازانم، بە درێژای ئەو 13 ساڵە پڕ لە نەهامەتە چی مان هەبوو بۆیان!؟ چی لە ئێمەوە فێربون!؟، نەبونی وەڵام لام نەنگییە.
پشت تێکردن لە دەنگی گەل، فەرامۆش کردنی ئومێد و خواستەکانی گەل، نەنگییە
هەست بکەی کە کارەکان ڕێرەوێکی چەوتی و نەنگی یان گرتووە، بچیت
لە بری بیرکردنەوە، بە خۆداچونەوە و دورڕوانیین، لەبری بەهانای کێشەی گەلەکەتەوە بیت،
بچیت سەنگەر لەسەر تانکی پارتەکەت، گروپەکەت دانێیت، ئەوە نەنگییە
قاپشتن نەنگ نییە بۆ مرۆڤ، کارە
پاکانە و نوسین بۆ ئیمپراتۆرییەتی گەندەڵ،
زبڵبۆنە،
نەنگە

لەبری قاپشۆرەکان